**جینۆسایدی سایکۆلۆژی و کولتووری ئێزدییەکان**

ئێزدییەکان 74 جار کۆمەڵکوژ کراون

1



[کازیوە ساڵح]

05.12.2014 19:00

ڕاڤەی لێکۆڵیارەکان بۆ چەمکی ئێزیدی

جۆرج سانتیانا دەڵێت ئەوانەی مێژوو لەبیر دەکەن، ئەو مێژووە دووبارە دەکەنەوە. واتە مێژوو ئەگەر لە یاد نەکرێت دووبارە نابێتەوە. کورد نزیکەی سەد جار جینۆساید کراوە. تەنها ئێزیدی 74 جار جینۆساید کراوە. ئێمە یادەوەریمان لاوازە و لە بیری دەکەین بۆیە جینۆسایدەکانمان دووبارە دەبنەوە؟ یان بکوژەکانمان مێژووی جینۆسایدەکانمان تۆمار ناکەن، چوون کاری خۆمانە؟ ئێزیدی کوردە بۆیە مێژوو لە یاد دەکات، یان کورد ئێزیدییە بۆیە پیرۆزییەکانی خۆی بە بێگانە دەسپێرێت؟ گرنگ نییە کامیان ڕاستە، کاتێک ئەو ڕاستییە لە باوەشی میللەتێکدا دەخەوێت کە بێگانەکان بە ڕاستییەکانی دەزانن بەڵام خۆی هێشتا خەبەری نەبووەتەوە. کە دوژمن یان زاڵم مێژوو و ڕاستی زوڵم لێکراوی نووسیوە، ئاسمان یەک ئەستێرەی لە یەخە داوە و لەژێر پەرچەمی ئەو ئەستێرەیەشدا تەنها ئێستا هەیە نە ڕابردوو و نە خەونی داهاتوو جێگای نابێتەوە. کورد بە گشتی و ئێزیدیش بە تایبەتی زاڵم مێژووی بۆ نووسیوەتەوە، بۆیە هێندە دوورە لە ڕاستییەوە کە خاوەن مێژوو خۆی بە بێگانە بزانێت لە دەرگای مێژوودا .

عەرەبە شۆڤێنیەکان نووسیویانە ئێزیدی کۆمەڵێکی دابڕاون لە ئیسلام و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوت و دواکەوتووی یەزیدی کوڕی مەعاویەی خەلیفەی دەوڵەتی ئەمەویی (680-683زاینی) بوون، بۆیە ناوی خۆیان ناوە یەزیدی یان ئێزیدی بۆ ئەوەی خۆیان بە کەسیەتێکی شەرفمەندەوە ببەستنەوە. هەر عەرەب دەڵێت ئێزیدی مەجووسی بوون لەسەر دەستی عودەی کوڕی موسافر ژیر دەکرێن و دەبن بە موسڵمان. عەرەب لەوە دوورتریش دەڕوات نەک تەنها ئێزیدی، بەڵکوو بابلیەکانیش دەکات بە عەرەب و نەوەی قوڕەیش و دەڵێت ئەمانە نەوەی ئیبراهیمن و لە ئۆر حەرانەوە (ئورفەی ئەمڕۆ)وە، سەفەریان کردووە بۆ بابل. هەندێکیشیان بۆ نەوەی عەلی کوڕی تاڵیبیان دەگێرنەوە. ئەگەر ڕاست بوایە ئایین ناوی کەسی ڕابەری ئایینەکە هەڵبگرێت، دەبوو ئیسلام ناوی محەمەد بێت، مەسیحی و جولەکەش ناوی عیسا و موسا بێت، پێویستیان بە ناوی ئایینی نەبێت، ناوی ڕێبەرەکەیان بتوانێت نوێنەرایەتیی ئایینەکەیان بکات. یان پێ دەچێت عەرەب لێی تێکچووبێت، وابزانێت ئێزدیش وەکو ئال سعود و وەهابی ڕۆژئاوا دروستی کردوون، بۆیە بە ناوی ڕێبەرەکەوە ئایینەکەش و وڵاتەکەشیان ناو دەنێن .

فارسەکان ئەوانەی کە ڕۆژهەڵاتدا موسڵمانن و ئێزیدی مگەڕێننەوە بۆ ئیسلام، هەر هەمان فارس کە

دێنە ڕۆژئاوا خۆیان بە زەردەشتی دەناسێنن و ئێزیدیش بە خیانەتکاری دژ بە زەردەشت و شەیتانپەرست هەژمار دەکەن. لە دەیان سەرچاوەی بێ سەرچاوەدا نووسیویانە کە وشەی ئێزیدی و دیانەتی ڕاستەقینەیان لە شاری (یەزد)ی نزیک خۆراسانەوە هاتووە، ئەوێ نیشتمانی ڕاستەقینەیانە. هەر لەبەرئەوەی ئەم داتاشینەش بسەلمێنن ناوی ئێزیدیان گۆڕیوە بە یەزیدی. گوایە ئەمانە لە کاتی سیستمی زەدەشتیدا لە ترسی زۆریی باجی ساڵانە، ڕوویان کردووەتە شاخەکانی شنگال، شێخان و موسڵ و حەلەب و هەر چوار پارچەی کوردستان... کە ئەوان بە کوردستان ناویان نەهێناوە بەڵکوو بەشێک لە عێراق و تورکیا و..هتد .

باشترین وەڵامی ئەو جۆرە گریمانە نادروستانە لە لایەن مێژوونووسی یۆنانیی سەدەی حەوتەم نۆفانیس مارتن دراوەتەوە کە دکتۆر خەلیل جوندی بەکاری هێناوە. ئەویش ئەوەیە کە ناوی دیانەت بەناوی شوێنەوە کارێکی ئاسان نییە، ئایە یەهودی بە ناوی ئۆرشلیم، مەسیحی بە ناوی ناسرە و ئیسلام بە ناوی مەکەوە نراوە؟ ئەگەر بە ناوی شوێنەوە ئێزیدی ناو بنرایە، دەبوو ناوی ئەو شوێنانە لەبری ناوی دیانەتەکانیان بهاتبایە . .

هەندێ لە ئەورووپیە مەسیحییەکانیش لەوانە (گەیس و لۆرانس) نووسیویانە لەنێوان سەدەی سێزدە و چواردەدا، کۆمەڵێک کورد جیا دەبنەوە بە یەکەوە لە هەردوو ئایینی ئیسلام و مەسیحی ڕێبازێکی بە قورسی هەوکراو دروست دەکەن (لا 28) . تەنانەت سەبارەت بە لالش دەڵێن لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان کڵێسە بووبێت و هەڵیانگەڕاندبێتەوە بۆ پەرستگەی خۆیان، چونکە هەمان شێوازی ئەندازیاریی کڵێسەی هەیە. ئەمەش ناکرێت جێگەی باوەڕی بێت، چونکە ئێزیدی بەر لە مەسیحیەت هەبووە و خاوەنی مەزارگەی هاوشێوەی خۆی بووە، ئەگەر ئەو کاتە لالشیش نەبووبێت، ئەم ئاسەوارانە لە ئەنازۆڵ دۆزراونەتەوە. بەپێی نووسراوەکانی شەرەف خانی بەدلیسی "لە کۆندا عەشیرەتە کوردەکان هەموویان یان بەشێکیان ئێزید بوون. باوەڕییان بە شێخ عدی/ ئادیەکی ساختە هەبووە، گوایە ئەم گوناهی هەموو ئێزدییەکان هەڵدەگرێت و خۆی دەکات بە قوربانی ...و هەموویان بەرەو بەهەشت هەڵدەکێشێت ...هتد" (گەیست، 1987،لا 42) .پاشان جۆن گەیست لە بەشەکانی کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (ئێزیدییەکان) بەڕوونی باس لە عەدی یان وەکو ئێزیدییەکان ناویان ناوە ئادی دەکات و سەبارەت بە ڕەچەڵکی دەنووسێت کە ڕەچەڵەکی ئادی لوبنانیە، باوکی پیاوێکی ئایینداری موسڵمان بووە لە بەعلبەگی لوبنان ژیاوە. لە ماڵ دوور دەکەوێتەوە و دەچێت بۆ هەکاری و هاوسەرە لاوەکەی بۆ ماوەی 40 ساڵ بە تەنها جێ دەهێڵێت. شەوێک لە خەودا فریشتەیەک پێی دەڵێت بزۆرەوە بۆ لای هاوسەرەکەت، خوداوەند کوڕێکی جوان کردارتان پێ دەبەخشێت . شێخ مسافر شوێنەکەی خۆی بەجێ دەهێڵێت کە لە ناوچەکەی ئێزدییەکانە و دەگەڕێتەوە بۆ لای هاوسەرکەی. دایکی عەدی دەبینێت ڕوناکیەیەک لە ئاسمانەوە ئاودیوی ناو سکی دەبێت. قوبەیەکی لەنێوان دوو چیادا بینیوە ڕوناکیی لێ بەرز دەبێتەوە و چیای ڕۆژهەڵات بانگی چیای ڕۆژئاوا دەکات، کە شێخ عەدی وەلیی خودا لە دایک دەبێت و ناوی لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دێت. واتە کاتێک هاوسەرەکەی بەجێ دەهێڵێت هەردوو لاو دەبن .

سەرچاوەکان :


• Guest, John S. ( 1987) The Yezidis , A Study in Survival. KPI London and New York

•جندي، خليل ( ١٩٩٨) نحو معرفة حقيقة ألديانة ألأيزيدية، رابوون، السويد

کورد هەتا ئەوێ کوردە کە شۆڕشی کوردی دەکات

ڕاڤەی لێکۆڵیارەکان بۆ چەمکی ئێزیدی

سەبارەت بە خودی شێخ ئادی لێکۆڵینەوەکەی گەیست دەری دەخات کاتێک تورک لە ساڵی 1075 ناوچەکانی ئەڵەپ و دیمەشق دەگرن، شێخ ئادی لە تەمەنی لاویدا بووە، چووەتە بەغدا بۆ ئەوەی تەسەوف لە دیوانی غەزالیدا بخوێنێت کە یەکێک لە خوێندکارەکانی شێخ عەبدلقادری گەیلانی بووە. ئەو کوردەی ڕێبازی قادریی داهێنا.. پاش فێربوون شێخ ئادی بەغدا بەجێ دەهێڵێت و دەچێت بۆ لالش، چوون ئەو ناوچە شاخاوییە کە زیاتر عەشیرەتی هەکاری نیشتەجێ بوون، پێشتر داڵدەی سوفیەکی دیکەیان داوە ناوی ئەبو حەسەن عەلی بووە کە لە ساڵی 1093دا مردووە. ( گەیست، 1987) پاش دروستکردنی چەندین چیرۆک وەکو ئەوەی لەدایکبوونەکەی. شێخ ئادی دەبێت بە کەسێکی گرنگ لای ئێزدییەکان و هەتا ئەمڕۆش ئێجگار بە پیرۆز سەیری دەکەن و مەزاری تایبەتی خۆی هەیە. هەروەکو چۆن شێخ عەبدولقادری گەیلانی هاوپۆلی شێخ ئادی مەزاری خۆی هەیە و لە سەرجەم جیهانەوە موسڵمانەکان سەردانی دەکەن، بەڵام تەنها کۆمەڵێک یان قادرییەکان خۆیان پراکتیزی ڕێبازەکەی دەکەن و زۆر موسڵمانیش دژی دەوەستنەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو دوالیزمەی کە هەر ئەوان دەچنە سەر مەزارەکەی بۆ کێشە جیاوازەکانی ژیانیان بەتایبەت نەخۆشی. خواردن و ئاوی ئەم شوێنە وەکو زەمزەم سەیری دەکرێت، وڵات بە وڵات دەڕوات و داوا دەکرێت .
هەر بەو دوالیزمەی تاک بەرانبەر بە خودی شێخ عەبدولقادر بەراورد بە ڕێبازەکەی قادری. بە هەمان شێوە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی شێخ ئادی موسڵمان بووە، بە هەڵاواردنی ئەو ڕاستییەی کە باوکی شێخ ئادی ئەگەر هاوسەرەکەی دە 10 ساڵیش بووبێت کە جێی هێشتووە کاتێک گەڕاوەتەوە 50 پەنجا ساڵ بووە لە ڕووی زانستییەوە نەسەلمێنراوە لەو تەمەنەدا بە ئاسانی منداڵ دروست ببێت. جگە لەوەی چیرۆکی منداڵبوونەکەی هەر چیرۆکی لەدایکبوونی مەسیحە بەکار هێنراوەتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شێخ ئادی بە هۆی خزمەتکردن و خۆشەویستیەوە بووبێت بۆ خەڵکەکە، یان بە هۆی چیرۆکی لەدایکبوونەکەی یان ڕوخساری لای ئێزدی پیرۆز بووە و پیرۆزە. ئەمەش شتێکی نامۆ نییە بە کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆژهەڵاتیش بە گشتی. کورد ئەوەندە ساکارانە باوەڕی بە کەسێک کردووە بەرماڵێک بدات بە کۆڵیدا و بڵێت سۆفیم، دوژمنانی زۆربەی کات سیخور و ڕیپۆرتنووسەکانی لە بەرگی سۆفیدا ناردووەتە ناویانەوە. بۆیە ئەوەی ئێزیدی بەرانبەر بە ئادی کردوویەتی هەر ئەوەیە کە کورد بەرانبەر هەموو موتەسوفێکی دەکات شتێکی دەرەوەی کولتووری ناوچەکە نییە، بەڵام وەکو هەموو کولتوورەکانی بنەما بەتاڵەکانیش کولتوورێکی سەنگین نییە .
سەعید ئەلدیوەجی یەکێک لە مێژوونووس و زانا ئیسلامییەکانە، خاوەنی نزیکەی سی کتێبی چاپکراوە و کتێبەکانی بۆ زمانی یابانی و ئەندەنووسی وەرگێردراوە. هەندێ لە سەرچاوەکان دەڵێن لە ساڵی 1919دا موفتیی شنگال و تەلعفەر بووە. بە بەرچاوگرتنی پێگەی ئایینی و زانستیی ئەم نووسەرە، دەبوو ڕایەکی جیاوازتری هەبوایە کاتێک دێتە سەر مەسەلەی ڕامیاری و بەستنەوەی بە ئێزیدییەوە، بە بزووتنەوەیەکی سیاسی پێناسەی نەکردبانایە، چونکە هەتا ئەمڕۆش ئێزدییەکان دوورن لە تێگەشتنی سیاسییەوە، بەڵام دەکرێت لە سیاسەت نەزانی خۆیانەوە وەکو کارتێک بەکار هێنرابن، "ئێزیدییەکان بزووتنەوەیەکی سیاسیی ڕەهان، لەژێر بۆیاخێکی ئایینییەوە دەڕوات بۆ ئەوەی حوکمی ئەمەوییەکان بگەڕێنێتەوە" (الدیوەجی، 2013) ئەم وتەیەی دیوەجی تەواو لە وتەی ئەو عەرەبانە دەچێت کە دەڵێن کوردبوونی سەلاحەدین، شۆڕشی ئیسلامی کردبوو بە عەرەب. من هیچ ناکۆک نیم لەم ناونانەی عەرەب و ئەو لوغزی گاڵتەکردنەیان بە کورد، چونکە جگە لە ڕاستی شتێکی دییان نەگوتووە. کورد

هەتا ئەوێ کوردە کە شۆڕشی کوردی دەکات. دیوەجیش هەر ئەمە دەڵێت، بەو بەڵگەیەی زیاتر لە سەری ئەڕوا و دەڵێت: "ئێزیدییەکان بە شێوەیەک دوای ئادی – عدی- کوڕی مسافر کەوتبوون، کە ئەوان لە بنەمادا خواپەرست بوون و خاوەنی حەوت مەلائکە بوون، بەڵام دوای بوون بە ئادی پەرست، ئادیش نێردواری ئەمەوییەکان بوو خۆشەویستیان بۆی گەیشتووە بە ئاستێک نەزانی (جهل)ی لە ناودا بڵاو کردوونەتەوە" ( لا 52-54) . نەتەوە هەیە وەکو کورد شەیداییان هەیە بۆ جەهل، بەڵام ئێجگار دەگمەنن ئەوانەی جەهل سەروەر ئەکەن بە سەر عەقڵدا. ئەوەی ئێزیدیەکان سەبارەت بە ڕابردووی خۆیان ئەنجامیان داوە و پێشڕەوی ئیسلامیان کردووە بۆ گەیاندنی ئەو مەرامەی پلانیان بووە جەهل و نەزانینی تەواو سەبارەت بە مێژووی ڕابردوو و ڕێبازەکەشیان دەگەیەنێت. هەر نەتەوە و گرووپ و تاکێک ئەوەندەی شارەزایی لە مێژووی ڕابردووی خۆیدا هەیە، ئەوەندە ئامادەیە بۆ بونیادنانی داهاتوو. نە تێهەڵشێواندن و ونکردنی مێژووی کورد و ئێزیدی و نە جینۆسایدەکانیشی لەخۆڕا نەبووە. لە مێژووی ڕابردوو هەنوکەشدا جەهل پێشڕەوی هەموو کارەسات و گرفتەکانی کردووە .
ئەم وتەیەی ئەلدێوەجی هەر ئەو باوەڕی ساکار و کاڵفامێ دەگەیەنێت کە ژمارەیەک لە بیرمەندە ڕۆژئاواییەکان باسیان کردووە، لەنێویاندا چۆرچڵ و ژەیڤد ماکدۆناڵد و.. . پێیانوایە کورد ئەوەندە بێگانەپەرستە، هاوکێشەکە پێچەوانە بووەتەوە و بووە بە دوژمنی خۆی، لێرەوە ڕۆژ هەڵاتیەکانیش بە کوردیش خۆیەوە دەڵێن کورد خۆخۆرە. هەتا کۆتایی ئەم بابەتە دەیان نسکۆی مێژوویی دەخوێنیتەوە بە کارەساتە گەورەکانیشیەوە کە ئەو خۆخۆرییە سەرچاوە و پێکهاتەی بووە. لێرەدا ئەم بیرمەندە باس لە لەکەدارکردنی ئایینی دەکات لە لایەن ئێزیدییەوە لەپێناوی بێگانەدا. لە کاتێکدا تەنانەت لە سەردەمی ئەمڕۆشدا ئێزیدی بەدەگمەن لە سیاسەت دەگات و تازە لە بواری سیاسیدا چەند تاکێکی جێگای دەبێتەوە... ئەو چەند بێگانەیەش لەسەر ئێزیدی نووسیویانە چونکە بە شێوەی قسەی سەر زار لە خەڵکیان وەرگرتووە و متمانەی نەخستووەتە سەر سەرچاوەی باوەڕپێکراو زۆر جار سوودبەخش نەبوون جگە لە هەڵە زەقە مێژووییەکان. بۆ نموونە جۆیسەپی فرۆلانی لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ئایینی ئێزیدییەکان) شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەکات بە برای شێخ عدی بن مسافر، بەڵام بەپێی ئەو سەرچاوانە یاریی سیاسی لە سەدەی هەژدەوە بە ڕێبازێک کراوە بۆ تەعریبکردنی کە لەگەڵ بوونی مرۆڤایەتیدا بوونی هەبووە، یەکەم زمانی سەردەمی مرۆڤایەتیی هەبووە، بەر لە عەرەب و فارس بوونی هەبووە ناوەکەشی واتە (ئێزیدی) واتای لە هیچ کام لەو زمانانەدا نییە کە ئەمڕۆ قسەی پێ دەکرێت. کەواتە ئێزیدی چییە؟

سەرچاوەکان


• Guest, John S. ( 1987) The Yezidis , A Study in Survival. KPI London and New York

• Furlani, Giuseppe ( 1940) The Religious of the Yezidis ,Bombay

•الديوه جي , سعيد ( 2003) اليزدية، مؤسسة الدراسات العربية , بيروت ، لبنان .

•هەروەها ئەتوانیت سەیری ماڵپەڕی نووسەریش بکەیتsaeedaldewachi.com .

کورد یەکەم نەتەوەیە کە کولتووری فرەخواوەندیی گۆڕیوە بۆ یەک خودایی

لە کولتووری ئێزیدا پاکوخاوێنی و پۆشاکی سپی پۆشین گرنگییەکی زۆری هەیە

ئێزیدی وشەیەکی ئارییە واتای یەزدان دەکات، لە هەزارەی سێهەمی پێش زایین، بوونی هەبووە و یەکێک لە کۆنترین ئایینەکانی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی گەورەدا.

ئێزیدی چییە؟
لە یەکێک لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا سەبارەت بە زمانی سۆمەری و کلدانی و ئاشووری لە سەر یەکێک لە بەردەنووسەکانیان، وشەی ئێزیدی بە پیتی مزماری و لە سەردەمی سۆمەریدا نووسراوە کە کۆنترین شارستانیەتی مرۆڤایەتییە .
ئەم تەختەیە لە لایەن دکتۆر خەلیل جوندییەوە (1998) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (نحو حقیقه الدیانه الایزیدیه) بڵاو بووەتەوە (ئێ زی دی) بە زمانی ئاسوری و کلدانی واتە (دەچینە جێی حەق) لە زمانی کوردیدا کە کەسێک دەمرێت دەڵێن گەڕاوەتەوە شوێنی حەقی خۆی، واتە ئەوەی دەوترێت کولتووری مرۆڤی کۆن و پێش ئیسلامە. لە کولتووری ئێزیدا واتای (ڕۆحی خێر و بێگەرد) دەگەیەنێت. ئەو کەسانەی لەسەر ڕێگەی راستن و بێگەردن. هەر لەم ڕوانگەیەوە لە کولتووری ئێزیدا پاکوخاوێنی و پۆشاکی سپی پۆشین گرنگییەکی زۆری هەیە و خۆیان لە سێکسی دەرەوەی خێزان دەپارێزن، چوون باوەڕیان وایە ئەوان دەبێت بێگەردیی ڕۆح و جەستە و لایەنی ناوەکی و دەرەکیی خۆیان بپارێزن . .
چەمکی ئێزیدی لە سەرجەم زمانە کۆنەکاندا بە واتایەکی پیرۆز هاتووە، زۆربەی لێکۆڵەران کۆکن لەسەر ئەوەی ئێزد Ized ڕەگی پێکهاتەی ئێزیدییە و لە زمانی سەنسکرێتیدا بە Yajata هاتووە، واتە خوداوەند، لە زمانی پەهلەویدا بە Yazd هاتووە واتە شایانی پەرستن. لە زمانی ئاڤێستادا بە Yazata هاتووە واتە خودا. لە زمانی ئاریدا کە زمانی کوردی پێک دەهێنێت و زمانی ئێزیدی بووە بە Yazdaniو Yazdan هاتووە کە واتای یەزدان دەکاتMenzel,1938) ، l(Rashow,2001نەک شەیتان. هەتا ئێرە و لە سەرجەم زمانەکاندا ئێزیدی پیرۆزترین واتای بەخشیوە و ئێزیدی واتە مرۆڤی یەزدانی یان خوداپەرست. یەزدانیش وشەیەکی ئارییە نەک ئێرانی. ئاری یان ئارامیش زمانی یەکەمی کوردە .
کۆمەڵێ سەرچاوەی مێژوویی لەوانە ( Guest1987، الجندی 1987) لە سەر ئەوە کۆکن کە ئایدیای تاک خودایی بۆ یەکەم جار لە لایەن ئێزدییەوە هاتووەتە ئاراوە و لە ئیمپراتوری میدیادا پراکتیک کراوە و واتە، کورد یەکەم نەتەوەیە کە کولتووری فرە خواوەندیی گۆڕیوە بۆ تاکپەرستی و یەک خودایی.
ئێزیدیەکان پێیان وایە خودا لە هەموو شتێکدا هەیە و ئەو بنەمای سەرجەم دروستکراوەکانی کەونە. ئەوان کاتێک ڕۆژ و مانگ و ڕۆناکی پیرۆز دەکەن لە ڕوانگەیەوە کە بە ڕۆحی خودا پیرۆز کراوە و دروست کراوە. یەک خودا و حەوت فریشتەیان هەیە. ڕایەکیش هەیە ئیسلام ئەمەیان لە ئێزیدی وەرگرتبێت، چوون ئەوان بەر لە ئیسلام بوونیان هەبووە. هەروەها لەناو ئێزدیەکاندا دوازدە گرووپی ڕۆحانی هەیە. ئەم جۆرە گرووپە ڕۆحانیانە لە ئایینەکانی بودی و ئیسلام، مەسیحی و جولەکەشدا بوونی هەیە و لە دواییدا دێمەوە سەری. ئێزیدی پێک هاتووە لە شێخ و پیر و مورید. هۆزە سەرەکیەکانیان لە ئادانی، شەمسانی، قاتانی و پیر پێک هاتووە. تەنها لەناو خۆیاندا هاوسەرگیری

دەکەن نەک تەنها بە هۆی ئایینەکەیانەوە، بەڵکوو لە ڕووی کولتووریشەوە تەنانەت هەندێ لەو خێزانە ناوبراوانەش لەگەڵ هۆزێکی دیی ئێزیدی هاوسەرگیری ناکەن، ئەمەش تەنها پەیوەندیی هەیە بە شێوازی پراکتیزیی باوەڕەکەیانەوە یان کولتووری ڕێبازەکەیان .

بەپێی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵیاری ئەڵمانی لۆڤەری نابۆ و ساغکردنەوەی لە لایەن جوندییەوە، ئایینی ئێزیدی لە هەزارەی سێهەمی پێش زایین بوونی هەبووە و یەکێک لە کۆنترین ئایینەکانی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی گەورەدا. هەر هەمان سەرچاوە جەخت لەسەر سێ گەورەترین خواوەند دەکات لە ڕێبازی ئێزیددا، ئەوانیش خوداوندی ڕۆژ یان هەتاو (لە زمانی کوردیدا هەردوو وشە بەکار دەهێنرێت) کە لە زمانی سۆمەریدا بە دینگرئۆتۆ لە زمانی بابلیدا بە شەماس هاتووە کە هەمان مانای هەیە. ئەم شەمسە لای ئێزدی ناوی ئانانا یان میترای خوداوەندی دایک یان دایکە گەورە. خوداوەندی دووەهەم "شێخ سن" بووە خوداوەندی مانگ لە زەمانی میسۆپۆتامیاشدا بوونی هەبووە و بە زمانی ئەوان پێی گوتراوە "ناتا". بەڵام لای بابلیەکان "سین" خواوەندی پیتاندن بووە لای ژنان. سێهەم " شێخ ئادی"یە خوداوەندی باران و خێر و بەرەکەت. ئەم شێخ ئادییە لای عەرەب کراوە بە شێخ هادی، هەندێ جار بەڵام وەکو پێشتر باسم کرد خۆی لە بنەمادا خەڵکی لوبنانە و ناوی (عدی) واتە ناوی عەرەبی هەبووە، ئەگەر خۆشی عەرەب نەبووبێت. پێویستە ئەوەمان لا ڕوون بێت کە خواوەند مانای خودا ناگەیەنێت، چوون خودا God دەکات کە یەزدانە، خواوەندیش Goddess دەکات کە مرۆڤ خۆی دروستی کردووە یان ناوی لێ ناوە، بۆ نموونە خودای جوانی تا ئێستاش لە زمانی ڕۆژانە و شیعریدا بەکار دەهێنرێت. ئەمەیان چواندنە بە هێزیەکی تایبەت و یان تایبەتمەندیێکی جیاواز. کەواتە ئێزیدی و واتای ئێزیدی فارسی و عەرەبی نییە، دابڕاوی ئیسلام نییە، هیچ پەیوەندییەکی بە ئایینی ئیسلامەوە نییە، بەڵکوو پەیڕەوکارانی ئایینی ئیسلام بە درێژایی مێژوو ئێزیدیی جینۆسایدیان کردووە. هەر لەبەر ئەوەش پەیوەندیی بە ئیسلامەوە معاویە و ئەمەویەکانەوە نییە. لەوەش زیاتر "پەیوەستبوون بە یەکتاپەرستی" پرەنسیپێکە ئێزیدی سازشی لەسەر ناکات. لای ئەوان خودا یەک تاکە و هاوبەشێکی نییە. ئەو خودا و دروستکاری فریشتە و مرۆڤ و سروشت و هەموو بووەکانیەتی. بۆیە بانگی ئەکەن (خا) یان {یەزدان} کە ناوی خۆشییان لێ وەرگرتووە.(عبود، 2005). کەواتە خودای ئێزیدیەکان جیاواز نییە لە خودای سەرجەم مرۆڤەکانی سەر زەوی، ئەوانیش وەکو هەموو مرۆڤەکان بۆ نموونە بابلیەکان، میسری کۆن خوداوەندیان دروست کردووە بۆ کێشە جیاوازەکانی ژیانی خۆیان، شتێکی دەرەوەی کولتووری مرۆڤایەتیی نەکردووە. کەواتە ئایە بۆچی تەنها ئێزیدی هەتا ئەمڕۆش پێیان ڕەوا نابینرێت وەکو مرۆڤەکانی سەردەمی خۆیان خاوەنی هەمان مێژوو بن؟ ئایە بۆچی ئێزیدی و مرۆڤ بە گشتی پێویستی بەوە هەبوو خواوەند دروست بکات؟

سەرچاوەکان :


Menze, Theodor l; Yazidi, Encylopedia of Islam, London IV, p- 1164 a, Leiden ) 1913-1938) Used by Rashow, Khalil J. (2001 )

Rashow, Khalil J. ( 2001 ) An Introduction into Yezidi Religion History, Göttingen Universit. Lecture to : The Centre of Asia and Africa Study in Kiel University ( ZAAS ) at 27.6.2001

الجندي، خليل ( ١٩٩٨) نحو معرفة حقيقة ألديانة ألأيزيدية , , رابوون، السويد

عبود، زهير كاظم ( ٢٠٠٥) عدي بن مسافر: مجدد الديانة الأيزيدية ، مؤسسة الدراسات العربية , بيروت ، لبنان

مرۆڤ و تێڕامان لە سروشت و ژنپەرەستی

سەرەتای شارستانیەتەکان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 5500 ساڵ بەر لە ئێستا. ئەوکات تەنها چەند شارستانیەتێک لە جیهاندا هەبوو، بەڵام یەکەمیان ئەو شارستانیەتە بوو کە کوردیش (دیارە ئێزیدیش دەگرێتەوە) بەشێک بوون و نیشتەجێی ئەو یەکەمین شارستانیەتە بوون. چوون مێژووی شارستانیەتەکان لە دۆڵی دوو ڕوبار (دیجلە و فرات) لە 3500ی پێش زایین بۆ دۆڵی نیل (میسری کۆن) 3000 پ.ز دەستی پێ کردووە. پاشان * شارستانیەتی دۆڵی ئندۆس 2400 پ.ز دەرکەوتووە کە شوێنی پاکستانی ئەمڕۆ دەکات، پاشان دۆڵی دەریای زەرد لە سین دەرکەوتووە لە 2000 پ.ز . Brown)و 2008). شارستانیەتەکانی دی، بەوەی ڕۆژئاواشەوە نزیکەی سەدەیەک دوای ئەم شارستانیەتانە سەر هەڵدەدات. ئەوکات مرۆڤ بەرانبەر دیاردە سروشتییە سەرسوڕهێنەر و تەرجەمە نەکراوەکان بوونەوەرێکی نەوی و بێ دەسەڵات بووە. لەگەڵ ئەوەی دەوترێت ئاوەزی مرۆڤ سەرەتایی بووە، بۆیە نەیتوانیوە ڕووبەڕووی دیاردەکان ببێتەوە. بەڵام من ئەوە بە زیادەڕۆیی دەبینم بەراورد بەو کار و داهێنانە کراون لەو کاتەدا، بەڵکوو پێموایە لەو کاتەدا مرۆڤ یەکەم زیان لێکەوتووی کەمی ژمارەی خۆی بووە. چوون "لە 3%ی سەر زەوی مرۆڤی تێدا بووە و لە 97% سروشت و زەوی بەتاڵ بووە (MacCready, 1998) "لەو سەردەمەدا. کەواتە توانای ژمارەی مرۆیی کەم بووە نەک توانای عەقڵی. بەو بەڵگەیەی هەتا ئەمڕۆش جگە لە سەرسوڕمان بۆ ژمارەیەک لە کارەکان و داهێنانە پزیشکی و بەتایبەت دەرمانی ڕووەکی، مۆمیاکردنی مرۆڤ، نەخشەی ئەندازیاری، تا هەنوکەش تەکنیکی ژمارەیەک لە کارەکانیان نەدۆزراوەتەوە و پەییان پێ نەبراوە .
لە مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا، یەکەم شت بیری لێ کردووەتەوە زەوی بووە. زەوی یەکەم فاکتەری ژیان بووە ناسیویەتی و بەروبوومی خواردووە و بە سەرچاوەی سەرەکیی ژیانی مرۆڤ ناسراوە. ناسینی زەوی وای لێ کردووە تەنها بیر لە سروشت نەکەنەوە، بەڵکوو سروشتی مرۆڤیش بخەنە ژێر تاقیکردنەوەوە. لێرەوە مرۆڤی کۆن لە زەویدا بۆ سروشتی مرۆڤ گەڕاوە، بۆ نموونە، سروشتی زەویی بە سروشتی ژن چواندووە، بینویەتی ژن و زەوی سروشت و کردار و بەرهەمیان وەکو یەکە. ژنیش تەنها بوونەوەرێکە سروشتی زەویی هەبێت. لایان وابوو ژن تەنها بوونەوەرێکە هەڵگر و هێنەری منداڵە، تەنها منداڵەکە ناخاتەوە، بەڵکوو ئاگای لێی دەبێت و جەستەی ئەوەندە پیتی تێدایە کە بەخێوی بکات. هەر وەکوو چۆن زەوی دەنکێ گەنم لە هەناویدا هەڵدەگرێ و ئەوەندەشی خۆراک دەداتێ ببێت بە سەدان دەنکەگەنم و لێرەوە ژیان و بەردەوامی بە تاکەکان دەبەخشێت، واتە ئەوەی جەستەی زەوی بە مرۆڤی گەورەی دەدات، جەستەی دایک بە منداڵی دەبەخشێت. بۆیە زەوی ناوی نراوە دایکی میهرەبان و دایکە گەورە. لێرەوە هەموو هەوڵێک دراوە دایکە زەوی تووڕە نەکرێت، خزمەت بکرێت، شانامەی پیا بگوترێت هەتا دەگات بە ئاستی پەرستن. تێڕامانەکانی تەنها لەمیانەی سوڕی زەویی نییە بەراورد بە ژن. بەڵکوو لە هەماهەنگیی سوڕی زەوی و سوڕی مانگدا و هاوتەریبی لەگەڵ سروشتی ژندا هاتووە. چوون پاش زەوی، مانگ و ڕۆژ، بەتایبەت سووڕی مانگ و دەرکەوتن و دیار نەمانی دەبێت بە خولیای مرۆڤ .
لێرەوە مرۆڤ بیری بۆ لای پەروەردگار و دروستکار، ڕۆژ و مانگ، زەوی و ئاسمان و ڕووناکی و تاریکی ڕۆشت. بەڵام زەوی بە گرنگترین سەرچاوە مایەوە لایان. بە تێگەشتن لە مانگ، ژن پایەگایەکی گرنگتری بۆ دەستەبەر بوو. چوون کە سروشتی مرۆڤیان بەراورد کرد بە سروشتی مانگ، بینیان ژن تەنها بوونەوەریەکی سەر زەوی بوو سروشتی لەگەڵ سروشتی مانگدا دەگونجێت. بینیان سووڕی مانگانەی ژن یەکسانە بە سوڕی خولانەوەی مانگ لە ماوەی 28 بۆ 29 ڕۆژدا . بینیان

جوڵەی مانگ و دەرکەوتنی هیلال لە چواردەدا، پاشان سێ ڕۆژ بەرەو دیار نەمان دەچێت، وەکوو چۆن سووڕی مانگانەی ژن لە ماوەی سێ بۆ چوار ڕۆژ بەرەو نەمان دەچێت (الجندی، 1998 ، Budge, 2010 , Kriwaczek, 2012).

ئەوەی مرۆڤی کۆن پەی پێ نەبردووە، ئەو ڕاستییەیە کە سووڕی مانگ و دەرکەوتنی بەدر لە 14دا لە سووڕی مانگانەی ژندا کاتی دەرکەوتنی هیرموونی پیتاندنە. لەو سووڕەدا ژن دووگیان دەبێت.
لێکچوونی سروشتی بایۆلۆجی و بەرهەمی ژن بە بەرهەم و فاکتەرەکانی سروشت وای کرد مرۆڤی کۆن ڕێزێکی بێ وێنەی بۆ ژن هەبێت، چونکە تەنها بووەنەوەێکی سەر زەوی بوو کە سروشتی خوای هەبوو .لای ئەوان خوا زەوی و ئاسمان و مانگ و ڕۆژ و ڕۆناکی و ژن هەمووی یەک بوون. لەم ڕوانگەیەوە زەوی و ژن بەیەکەوە ناو نرا دایکەگەورە. ئیتر ئەم کولتوورە ژنی کرد بە خواوەند و یەکەم دەسەڵاتی سەر زەوی. ئەفسانە لەمیانەی کێشەکانی مرۆڤ لەتەک ژینگەی دەروربەر هاتووەتە ئاراوە، ئاراستەی هۆشیاریی مرۆڤی کردووە دەربارەی تەگەرەکانی ژیان. لەبەرئەوەی یەکەم کێشەی مرۆڤ لەگەڵ سروشت بووە، سروشتیش ناو نرا دایکەگەورە. بۆ ڕازیکردنی دایکە گەورە و پاڕانەوە لێی پەیکەریان بۆ دروست کرد و لە شوێنی تایبەت و خاوێندا دایان ناوە کە دوایی ناوی نرا پەرستگە و وەکوو خواوەند پیرۆز کران. لەم ڕوانگەیەوەیە لەناو سەرجەم کولتوورەکان و مرۆڤایەتیدا دایک لە هەموو بوونەوەرێک ڕێزی زیاتر لێ ئەگیرێت، هەر لێرەوەیە سەرجەم مرۆڤایەتی دەڵێت خاکی دایک و زمانی دایک. هیچ نەتەوەیەک خاک بە خاکی باوک یان خاکی تەنانەت خواش ناو ناهێنیت. لە لیستی ئەو مرۆڤە ڕەسەنانەی کۆندا کورد و ئێزیدی هەیە، کوریش دایکە خودای هەتا ئەمڕۆش هەیە، بەڵام ئێزیدی کولتوور و زەپۆشەکەی پاراستووە. ئەگەر ئێزیدی شەیتانپەرستن، چۆنە سەرجەم مرۆڤایەتی باوەڕییان بە زەپۆشەکانیان هەیە و لە بەرزترین بواری ئەکادیمییەوە هەتا قسەی سەرشەقامێک ئەو کولتوورەی ئەوان بەکار دەهێنێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ خاک و چواندنەکانی .
یەکەم جار سۆمەرییەکان کولتووری خواوەندی ژنیان داهێنا، پاشان هەر نەتەوە و نەژادێک، هەمان ڕێبازیان گرت و ناوی خۆی هەبوو بۆ ئەم دایکە گەورەیە و بەپێی توانای جوانناسیی خۆیان وێنای پەیکەر و ناوی دایکەگەوەیان ناوە. کوردیش دایکە گەورەی خۆی هەبووە، ناوی میدرا، میترا بووە و ئێزیدیش پێی دەڵێت ئانا، میترا، بەڵام گرنگترین ناوی ئەم خوداوەندە عەشتار بوو. دەبێت چی وای کردبێت عەشتار بە گرنگترین هێمای خواوەندەکان سەیر بکرێت، تەنانەت لە سەردەمی فرەخواییشدا؟ ئەی پەیوەندیی عەشتار بە ئێزیدیی کوردەوە چیە؟ بەشی داهاتوو وەڵامی ئەم دوو پرسە ئەداتەوە .


سەرچاوەکان :

• Budge, Ernest Alfred Wallis (2010) Babylonian Life And History. Trade Paperback

• Brown, Robert W (2006) Ancient Civilizations to 300 BC Introduction: The Invention and Diffusion of Civilization. The University of North Carolina at Pembroke.

• Kriwaczek, Paul (2012) Babylon: Mesopotamia and the Birth of Civilization. St. Martin’s Griffin

• MacCready,Pual, ( 1998) , Ted lecture , ted talk broadcast

•الجندی، خلیل ( ١٩٩٨) نحو معرفه حقیقه ألدیانه ألأیزیدیه , , رابوون، السوید


*لە بابەتێکی جیاوازدا دێمەوە سەر مێژووی شارستانیەتەکان و بۆچی لێرەدا وشەی پاشان م دەستنیشان کردووە بەر لە هند، پەیوەندیی هیند و شارستانیەتەکەیان چییە بە کوردەوە.

عەشتار

شوێنەوارە کەلپووریيەکانی ناوچەکانی هلال خەسب و دۆڵی ڕافدەین، شتال حیوک و خوارووی ئەنازۆل و چیای زاگرۆس، بوونی دوو جۆر شارستانیەتی سەلماندووە، یەکێکیان چەرخی بەردین، ئەم چەرخە 3 ملیون و 400 ساڵ درێژەی کێشاوە و لەنێوان 6000 – بۆ 2000 پێش زاین کۆتایی هاتووە (Lawrence& Peter). 2008 بە دوای ئەم مێژووەشدا شارستانیەتی کشتوکاڵی دەرکەوتووە کە کە مرۆڤ تێیدا فێری کشتوکاڵ و ئاژەڵ پەروەردەکردن و نیشتەجێبوون بووە، ئەمەش مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نێوان 10000 ساڵ بۆ 450 هەزار ساڵ پێش زاین. ئەم هۆشیارییەی مرۆڤ بە لوغزی عەشتار ناو براوە، کە پابەندە بە مێژووی شارستانیەتی بابلیەکانەوە، وەکو پێشتر باسم کرد چوون سروشتی زەوی و کشتوکاڵ بە سروشت و بەرهەمی ژنەوە چوێندرابوو .

عەشتار خوداوەندی گەورەی دایک بووە، هێمای خۆشەویستی و سێکس؛ جوانی و میهرەبانی، هێز و شەڕ بووە لای بابلیەکان، بەرانبەر بەمە ئینانا لای سۆمەریەکان، عەشارۆت لای فینیقیەکان، ئافرۆدیت لای یونانی، ڤینۆس لای ڕۆمانی و دایکە میترا لای کورد. بە شێوەیەکی گشتی لای هەموان هێمای خوداوەندی دایک، پیت و بەرەکەت زاڵ بووە بەسەر هێماکانی دیدا کە لە سەردەمی بابلیەکاندا باوەڕییان پێ بووە. عەشتار کچی خوداوەندی مانگ (سین) بووە، دایکی خوداوەند ننکال بووە، براکەی (ئۆتۆ) خوداوەندی هەتاو، خوشکەکەی (ئەرشیکیجال) خوداوەندی جیهانی ژێر زەوی واتە خوداوەدنی مردووان بووە. چیرۆکی عەشتار بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە گەڵگامشدا داڕێژراوە .

وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی باخچە هەڵواسراوەکانی بابل بە فڵچەی هونەرمەندی هۆڵەندی مارتن هیمسگیرک کێشراوە، پەرستگەی عەشتار لە لایەن نەبوخود نەسری دووهەمەوە پادشای بابلیەکان لە ساڵی 575پ.ز لە عێراقی ئەمڕۆدا دروست دەکرێت. لەسەر دیوارەکانی بەپێی ژمارەی ئەو ساڵە وێنەی 575 ئاژەڵ لەسەر دیوارەکانی دەنەخشرێت. دوایی پێی دەوترێت دەروازەی بابل، چونکە خاوەنی گەورەترین و بەناوبانگترین دەروازەی ئەو کاتە دەبێت بە هۆی نەخش و ماتریاڵە نایابانەی لێی دروست کرابوو Robert Koldewey .ڕۆبێرت یوهان کوڵدوەی (10-9-1855 – 4-2-1925) کە ئارکیوالیجیست و پسپۆڕی بواری شوێنەوارناسی ئەڵمانیە، لە ساڵی 1818وە بەوە ناسراوە کە یەکەم کەس بێت شاری بابل و ئاسەوارەکانی دۆزیوەتەوە و هەر لەبەر ئەوەشە ئێستا ئاسەواری بابل و دەروازەی عەشتار لە مۆزەخانەی برگاموون لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، گوایە لەڕێگەی ئەم زانایەوە گوازراوەتەوە. هەر ئەویش دەڵێت باخچە هەڵواسراوەکانی بابلی دۆزییەوە کە لە ساڵی 580 پ.زدا لە لایەن نەبوخود نەسرەوە دروست کراوە تەنها پێنج ساڵ پاش دەروازەی عەشتار .

کۆڵدوەی دوو سێ نهێنیی لە لێکۆڵینەوەکانیدا لە سەر بابل درکاندووە، یەکێکیان تیوریەکی نوێی ئارکیوالیجیست کە دۆزینەوەی خشتی قوڕ بووە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێشتر تیوری بونیادنانی خانووبەرە بووە، هەتا ئەو کاتە ئەم زانایە دۆزیویەتەوە تیوریەک نەبووە لای ڕۆژئاواییەکان. واتە سەرەتای شارستانیەتی بونیادنان و بیناسازی لە ڕۆژهەڵاتدا. دووەم، باس لەوە دەکات کە شارستانیەتی بابلیۆن و ئاسەواری عەشتار، بە باخچە هەڵواسراوەکانیشەوە لە لایەن عوسمانیەکانەوە بە تەواوی ون و خاپوور کرابێت و لە سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام و فتوحاتەکانی زیاتر زیانیان پێ گەیاندووە، بەڵام عوسمانیەکان خاپووریان کردووە. دیارە سەردەمی عوسمانیەکانیش وەکو ئێستای داعش و مێژووی ڕابردووتریش شۆڕشی ئیسلامییان دەکرد، بۆیە دوژمنی شارستانیەت و شوێنەواری شارستانی بوو و هەرچی شارستانیەتێک لە دەستی فتوحاتە ئیسلامیەکان مابێتەوە، عوسمانیەکان بۆیان تەواو کردوون لە کاولکاریدا و ئەمڕۆش داعش ئەو ئەرکە تەواو ئەکات. خاڵی

سیهەم کە لەلایەن ئەم زانایەوە باس کراوە ئەوەیە کە نەبوخود نەسر هەردوو دەروازەی عەشتار و باخچە هەڵواسراوەکانی لەپێناوی هاوسەرەکەیدا دروست کردووە. ئەم دوو فاکتەرە شارستانیە دەچنە ڕیزی حەوت شتە سەرسوڕهێنەرەکەی جیهانەوە. بەڵام سەرسوڕهێنەرانە عەرەب ئاڵای ڕەشی مەرگ لە شوێنی بەرز دەکەنەوە، چونکە عەرەب دامەزرێنەری نەبووە .

پاش نزیکەی سەدەیەک لە گواستنەوەی بەشێکی بچووک و دۆزراوەی ئەم شوێنەوارە بۆ ئەڵمانیا، عەرەب چاوی دەکاتەوە و تێ دەگات کە شوێنەوار ڕەسەنیی شارەستانیەت و مێژووی پێ دەسلمێنێرێت، بەتایبەت لە جیهانی ڕۆژئاوادا، بۆ سەلماندنی خۆیان وەکو یەکێک لە نەتەوە بنەچەیی و ڕەسەنەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی عەشتار لای عەرەب و عێراقیە تێکەڵەکانی ئەمڕۆ دەبێت بە هیمای شارستاینەت و شانازیی کولتووری و بەڵگە بۆ یەکەم شارستانیەتبوونی ئەوان و لەوانەوە مرۆڤ فێری ژیانکردن بووە و پێستی ئاژەڵی و بەربەریەت فڕێ داوە و و پێستی مرۆڤایەتی و ژیاندۆستیی پۆشیوە. تێڕامانی مرۆڤ لەوێدا چەق دەبەستێت لەو چاوکردنەوەیەی عەرەبدا خاوەنی مێژوویکی ڕاستەقینە کە کلدانیەکانە لە ڕووی سەلماندنی ئەو شارستانیەتەوە وەکو بەڵگەی مێژوویی ون کراون، وەکو بەڵگەی مرۆییش ئەمڕۆ خۆشیان لە عێراقدا لە لایەن داعشەوە لەناو دەبرێن و ون دەکرێن .

تا ئێرە بوونی خوداوەند بەڵگەی دروستبوونی هۆشیاریی داوەری و بەڕێوەبردن دەگەیەنێت لای مرۆڤ. ئەو کاتەی هۆشیار دەبێتەوە سەبارەت بە هێز و ئەو تەکنیک و ستراتیژانەی کە مرۆڤ وێک دەخات و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی بۆ فەراهەم دەهێنێت. بیرکردنەوە لە بوونی خوداوەند، جگە دروستکردنی بەڵگەیەک و هێڵە ڕاستەکانی ژیانی پێ بنەخشێنرێت و ترسێک مرۆڤ لەو هێڵە سوورە نەچێتە دەرێ وەکو ڕایەڵەیەک بۆ بوونی پرەنسیپی کۆمەڵایەتی، کە دواجار ئەم دیدەبینییە دەبێت بە بونیادی یاسا و داوەری، دۆزینەوەی کاریگەریی ئومێدیش بووە لە ڕێکخستنی ژیاندا. ئەو مرۆڤەی بە ئومێدەوە لە بتێک یان بەشێک لە سروشتی ڕوانیوە و پاڕاوەتەوە بۆ چاکبوونەوە لە نەخۆشییەکان و چارەسەری کێشەکانی ژیانی، سایکۆلۆژیای ئومێد هەستی ئەیجنسی و پشتیوانیی لا دروست کردووە، هەبوونی ئەو بارە سایکۆلۆژیەش چارەسەری نیوەی هەر کێشەیەکی مرۆڤە. درککردن بەو ڕاستییە وای کردووە ئەو سروشتانە لە سەرجەم دیانەت و کولتوورەکاندا هەتا ئەمڕۆ پەیڕەو بکرێت و هەر کولتوورێکیش ڕێژەیەکی تێدا بگۆڕێت بۆ ئەوەی مۆرکی ئەتنیکی خۆی بەسەرەوە بەجێ بهێڵێت .

مۆرکی ئەتنیکی و مێژووی کورد بە هەریەک لە شارستانیەتە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتدا نەخشاوە، پشتگوێخستن و لێکۆڵینەوە نەکردن لەسەر موڵکی مێژووی کورد، وای کردووە کە تەنانەت کورد خۆشی ئەو مێژوو و مۆرکە کوردانە نەناسێتەوە. ونبوون لەنێو زانیارییە نادروستەکانی دەرەوە و نەبوونی غەمی لۆکاڵ بەرانبەر ئەو زانیاریانە کورد بەگشتی و ئیزیدی بەتایبەتی، کردووە بە قوربانی و ئەو کولتوورەی هەموو نەتەوەکان وێنایان کردووە لە ژیانیاندا بۆ ئێزیدی پەسەند ناکرێت و دەبێتە وێناکردنی مەرگی. چونکە ئێمە نەتەوەیەکی منداڵین، فەیلەسووفی ڕۆمانی سیسیرۆ دەڵێت، هیچ شتێک دەربارەی ڕووداوەکانی پێش لەدایکبوونی خۆت نەزانیت، مانای ئەوەیە تۆ هەمیشە منداڵیت. ئەمە بۆ نەتەوەش هەر ڕاستە، هەر نەتەوەیەک دەربارەی مێژووی ڕابردووی خۆی نەزانێت، هەمیشە نەتەوەیەکی منداڵە، منداڵیش پێویستی بە چاودێر هەیە و ناتوانێت سەربەخۆ بێت .

ئێمە کارێکمان بە عەشتار نییە، ئەگەر کورد پشکی لە سارستانیەتدا نەبێت و پەیوەندیی بە جینۆسایدی ئێزیدیشەوە نییە ئەگەر ئێزیدی سەرقافڵەی ئەو پشکە نەبێت. کەواتە پشکی کورد لە شارستانیەتی سۆمەریدا بەتایبەت لە بایۆگرافی خوداوەندی دایک عەشتاردا چییە؟ چۆن هەتا ئەمڕۆ ئێزیدی بووە بە درێژەپێدەر و پارێزەری ئەو پشکە؟

سەرچاوەکان :


• Barham, Lawrence; Mitchell, Peter (2008). The First Africans: African Archaeology from the Earliest Toolmakers to Most Recent Foragers. Cambridge World Archaeology. Oxford: Oxford University Press.
• Trans. N. K. Sandars. Harmondsworth The Epic of Gilgamesh.: Penguin, 1985.
• “The Hanging Gardens of Babylon”. http://www.unmuseum.org/han